www.kurdistannet.org
14-10-2006 11:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# مەرگەسەرییەکانی مۆبایل و وێنە بلاو کردنەوەکان!!! ... تاڤگە سابیر



ئەمە هیچ بەهایەکی خۆشەویستی نییە وێنە بگرێ و دواتریش بلاوبکرێتەوە من ئەوکەسانە بەتاوانبار ئەزانم و داواکاریشم لەکچان و لەکوڕان کەلەمەودوا وازوو بریاری خۆشەویستی نەدەن بەرامبەر کەسێک. هۆی ئەم کێشەیە ئەماوێت بلێم ئەمە دیاردەیە دواتردەگەڕێتەوە بۆ کۆمەلگا بەرێژەیەکی سەرەکی لەگەل ئەمانەشدا کەپیتی ئەوەی غەریزەی سێکس هەیە لەنێوان کچ وکوڕدا واتا ئەمە پرۆسەیەکی ئەدەب نەریەتی هەیە یاخود غەریزەیەکی ئینسانی هەیە پێویستە جێ بەجێ بکرێت دیاردەی بچوک، تێکەلاوبوونی کچ وکوڕەکە پیشان ئەدات تامومارەسەکردنی ماچ و شێوەیەک ئەبڕێت پێت ئەلێت شتێک هەیە سێکسە ئەبێت، کچان یان و کوڕان تابەیانیەکی زوو غەریزەی خۆێ پڕ دەکات تەنیا ڕێگە بۆ بەتال کردنەوەی ئەم ئێحساسانە چیە؟ خۆشەویستیە یان جووتبوونە لەنێوان کچ و کوڕدا یان خۆبەتال کردنەوەیە.

هەموو شتەکان دەدرێتەوە بۆ کۆمەلگا ئەم حالەتەیە باشەو خراپەی هەیە دواتر ئەمانەوێت باس لەحالەتی خۆشەویستی و حەزو سێکس بکەین لەژێر پەردەی ئەم ووشانەدا ئەم دیاردەیە ڕوودەدات کچان و کوڕانی ئێمە کاتێک توشی ئەم دیاردەیە دەبن کۆمەلێک حالەتی نائاسایی ڕووئەدات. ئێمە پێویستمان بەچییە ئەبێت تێبگەین حالەتێکی ئاساییە واتە (بەتایبەتمەندی و ووردکردنەوەی فیلمی سێکسی کوردیمان هەیە) ئەو حالەتەی کە ئێستا هەیە، کە ئاشکرابووە دەیان حالەتی ترهەیە کە ژێر بەژێرو بەشاراوەییی ئەکرێت ئەم دیاردەیە تەنیا لەکچان و کوڕاندا نیە بەلکو حالەتەکە ژنانیشی گرتۆتەوە بەلام لەدەرەوەی خێزان، حەزو کاری سێکسیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی دیاردەیەکی تر هاوکاتە لەگەل ئەم باسەدا ئێمە کێشەی کۆمەلایەتیمان زۆرەو ناشتوانین بەدەربین لەو سنورشکاندنەی کۆمەلگا. دیاریدەیە زۆرکۆنە، دنیا گۆرانکاری گەورەی بینیووە مۆبایل و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو وێنەگرتن زیادی کردووە، مەرگەسەرییەک کەوتۆتە ناو کۆمەلای کوردی دەبێت هەر یەک لە ئێمە دژی بواستین ئەم دەچێتە قالبی کۆتایهێنانی ژیانی کەسەکە وەکو ئەوەی ویستومانە، بەلام بلاوکردنەوەی وێنەکان بۆخۆی گرفتێکی تری باسەکەیە ئێمە کۆمەلگاکەمان باوکسالاری یە واتا پیاوسالاری یە بۆیە، شکاندنەوەی ئەم هەموو دیاردەیە بەسەرکەسایەتی کچەکەدا دەشکێتەوە پیاوەکە زەرەمەند نابێت، بەپیتی کۆمەلگا ئێمە گەنجەکانمان نا ووشیارن بەرامبەر ئەم باسەو پرۆسەی سێکس بەتایبەتی گەنجەکانی دوای راپەرین باوێکی تەنیا زمانێک دەزانن. لە کۆمەلگای کوردی زۆر بەگەرم و گوری باس دەکرێ و بەکارێکی خراپی لەقەلەم ئەدەن، دواتریش پرۆسەی بەهاوسەری بوون کەپرۆسەیەکی ئاساییە زۆر بەکەمی، ئەکرێ و هۆکارەکانیش نەبوونی گەنج لەرووی مادیەوە، دەسەلات و حکومەت وەکو پێویست هاووکاریان ناکەن داواکاری کۆمەلایەتیش لەبەردەم پرۆسەی زەواجدا.

روونکردنەوەیەکی تر لەنێوان کچا و کوڕاندا لەسەرجەستەی خۆیان واتا نەناسینی جەستەی خۆیان کەئەمەش گرفتێکی تری هەیە یاخۆیان کاتێک کوڕان و کچان دەچنە پرۆسەی هاوسەرییەوە پێی دەلێن بەتایبەت بۆ کچەکە عەیبە شەرمە تۆ نابێت باسی شتێک بکەیت لەهەمان کاتدا کوڕان کەسەربەستە بەرامبەر هەمووشتێک پێی، دەلێن تۆ داواکاربە تۆ خواستت هەبێ لەهەمان کاتدا ئەمە بۆخۆی گرفتێکی تری هەیە لەسەر پرۆسەی خۆشەویستی کاتێک ئەم، دیاردەیە باس دەکرێت مەرج نیە کچان نین لەهەمان کاتدا ژنانیش دەگرێتەوە سەرەتای گرفتەکەش نەبوونی خۆشەویستیە لەنێوان ژن و مێردا

یاخود مومارەسەنکردنی سێکسی بەحەزو ئارەزووی خۆیان. کۆمەڵگای کوردەوای کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریە واتا هەموو گرفتەکان بۆ کەسایەتی کچ دەرگەرێتەوە، یان بوونی کافتریایەک یان نادیەک بۆ تێکەڵاوکردنەوەی ئەو حەزی سێکسی یە لەشەویکدا دواتر بەتاڵکردنەوەی ئەو غەریزەیە واتا ئەگەر ئەوشوێنە هەبوو گرفتی بۆ دروست نابێت، مومارەسەکردنی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان کچان و کوڕان ئەگەر بەڕاستی بکەن، ئەگەر کوڕێک بەراستی کچێکی خۆش بوێت تاسای ئەوە ناکە وێنەکی بڵاوکاتەوا. بەلای گەنجەکامان وایە تەنها ژیان بریتیە لە سێکس ئەوا زۆر هەڵەن، سێکس پێویستییەکی ژیانە وەکو نان و ئاو، لاوانی ئێمە تائێستا لەبەردەم خەتەرێکی گەورەدان.

سوێد 2006